# فەلسەفەی میدیا

**پێناسەی فەلسەفەی میدیا...**

-فەلسەفەی میدیا:- یەکێک لەبوارەکانی میدیایە، هەروەکو بواری زانستی میدیا و هونەری میدیا، کە میدیا دەتوانێت بەکاری بهێنێت، لەهەمان کاتدا پێویستە میدیا سود لەفەلسەفەی میدیا ببینێت.

-فەلسەفەی میدیا لەدوو روانگەوە دەتواندرێت پێناسە بکرێت. لەروانگەی بابەت و لەروانگەی میتۆدەوە.

یەکەم: فەلسەفەی میدیا لەروانگەی بابەتیەوە:- کۆمەڵێک بیرۆکەیە یاخود کۆمەڵێک چەمکی پێشوون لەسەر پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن و راگەیاندن، لەهەمان کاتدا پشت بەو پرۆسەیە دەبەستن. هەروەها وێنای ئەو چەمکانە دەکات، بەشێوەیەکی گشتگیرو تایبەتمەند-دیاریکراو (تەجرید-تایبەتمەندییەکانی کێشە فەلسەفییەکان). لەوانە:-

گشتی:- واتا رونکردنەوەو باسکردنی پەیوەندی راگەیاندن بە زانست، ئاین، ئاکار، فەلسەفە...هتد.

تایبەتمەندی و تەجریدی:- مامەڵەکردنی چەمکەکانی میدیا و چەمکەکانی پەیوەست بەئاستی تیۆری مجرد، لە کات و شوێنەکەیدا.

دووەم:- لەروانگەی میتۆدی: وەسفی ئەو چەمکانە، بە رەخنەو عەقلانی و لۆژیکی و میتۆدی (تایبەتمەندی میتۆدی فەلسەفی) دەکرێت.

## فەلسەفەو میدیا

فەلسەفەو میدیا، دوو رووبەرو دوو بواری جیاوازن، بەڵام پەیوەندی نێوانیان بریتیە لە پێویستی مەعریفەی فەلسەفە بەمەعریفەی میدیا. هەردوو مەعریفە، چۆن لەگەڵ یەکتر تێکەڵ یان هاوبەش دەبن؟ کۆهاوکاری یەکتر دەبن. بۆیە ئەم پێویست بوون و کۆهاوکاریە،یارمەتی میدیا دەدات کەوا مامەڵەی دروستر لەگەڵ بابەت و ناوەرۆکە میدیاکانیدا بکات. ماندوترو ووردترو بەدیقەتەوە لێکۆلینەوە لەگەڵ کەرەستە میدیایەکاندا بکات. بۆئەوەی ئەو تێگەیشتن و مامەڵە دروستەی میدیا لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا بێتەدی، دەبێت بە فەلسەفەو مەعریفەو زانیاری فەلسەفی ئاشانبین، لەوێوە دەتوانین وەک پێوەرێک لەنێو مەعریفەی میدیادا تەوزیفی بکەین.

لەراستیدا میدیا وەک خۆی خاوەن پلان و ستراتیژو پرەنسیپ و دیسپلین و یاساو رێساو رێ و شوێن و ئەرک و مەهامی سەربەخۆی خۆیەتی، بەڵام بۆئەوەی میدیا نەکەوێت و کاریگەری بەهێزترو پڕ ووزەتربێت، ناوەرۆکێکی سەلامەتی هەبێت و لایەنی کەم میدیا ببێتە میدیایەکی دروست، پێویستە کارئەکتەرانی بواری میدیا و میدیاکار، پانتایی مەعریفەی خۆی بەهۆشیاری فەلسەفی فراوانتر بکات. بۆ نمونە بەدواداکەوتنی وەڵامی پرسیارەکان لەبارەی روداو دیاریدەکان.

بەشێوەیەک بەدەرنەچوون و پەنانەبردن بۆ ئازادی رەها، لەچوارچێوەی کارکردنی میدیاکارو دامەزراوەکانی میدیا، دەتواندرێت پرسیاری فەلسەفی بکرێت و بەدواداچوونی ووردو تەواو و جدی دروست بکات، کەئەمە لەراستیداوەکو مانا خواستی فەلسەفەیە.

هونەری بیرکردنەوە لەپرسیارو پرسیارکردن، ناوەندێکە رێچکەیەکە، لەسروشتی مرۆڤ و بوون و بەردەوام بووونی مرۆڤ. لەفەلسەفەی بوون ناسیدا مرۆڤ بەپرسیارکردن لەهەبووەکانی تر جیادەبێتەوە، تاوەکو مرۆڤ بەبوونی خۆی بگات، بێگومان لەرێگەی پرسیارکردن و بەدواداگەڕانی وەڵامی پرسیارەکانیدا ئەو بوونە دەدۆزێتەوە. (مرۆڤ لەنەبوونەوە دروست دەبێت تا دەبێت بەبوون یان دروست بوون، پلان و پڕۆژەی پێویست دەبێت). بۆ نمونە هەر وەکو، مارتن هایدیگەر[1] دەڵێت"

---

[1] مارتن هایدیگەر (١٨٨٩-١٩٧٦)، فەیلەســوفێکی ئەلمانیە. لە توێژینەوە فەلســەفییە گرنگەکانی، وەک: (فەلســەفە چییە؟ میتافیزیکا چییە؟ هۆڵدەرلین و چییەتی شـیعر). کتێبی (بوون و کات) بە گەورەترین کاری فەلسـەفی مارتن هایدیگەر دەژمێردرێت. زۆر لە و کورتە وتار و لێکۆڵینەوانەی دواتر بڵاویکردنەوە، ئەو بەدحاڵیبوونە بڕەوێننەوە کە تەوقی فەلسەفەکەیان دابوو.

مرۆڤ بۆ گەیشتن بەبوونی، دەبێت ئەگەرەکانی بوونی خۆی بەشێوەیەکی داهێنەرانە بکات بەپڕۆژە" کە بێگومان پرسیارکردن و گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکان بابەتێکە لەو زەرورەت و بنچینەو بنەمایانە.

مارتن هایدیگەر لە کتێبی "بوون و کات"دا پێداگری لەسەر بوونی رەسەن دەکات و لای ئەو بوونی رەسەن ئەوەیە کەوا مرۆڤ بە نیگەرانییەوە درێژە بە ژیان بدات، بەڵام نیگەرانییەک نائومێدی نەکات لە ژیان و بەردەوامی بەکار و پڕۆژەکانی خۆی بدات. هەروەها دەڵێت" کە مرۆڤ پێویستە نیگەرانییەکانی بکات بە پڕۆژە". واتا ئەگەر مرۆڤ دڵخۆش نەبوو بە ژیانێک، کەوا پەیوەستە بەو ژیانەو ناتوانی دەستبەرداری بێت و کەلەکاتێکدا مردنیش هەیەو دەربازبوونی نییە. بۆیە بە نیگەرانییەوە بەردەوامبوون دەشێت جۆرێک بێت لە نارەزایی. وەکو هایدیگەر دەیەوێت نابێت مرۆڤێکی پاسیڤ دروست بکات. بەڵکو دەشێت مرۆڤێکی ئەکتیڤ دروست بکات، کە لە چالاکی و داهێنان بەردەوام بێت.
بەگوێرەی بۆچوونەکانی هایدیگەر نیگەرانی لای مرۆڤی رەسەن دەبێتە پڕۆژە و داهێنان و لای مرۆڤی پاسیڤ دەبێتە وورتە وورت و دەردەدڵ و کروزانەوە و تەمبەڵی کردن و بیانووهێنانەوە بۆ پاسیڤبوونەکەی.
لەفەلسەفەی بوون گەراییدا، مرۆڤ بوونی نیەو نابێت، گەر پرسیارکردن نەبێت، چونکە ناسینی بوون بە رێگەی پرسیارکردنەوە دەبێت.
سودی پرسیارکردن، لە میدیادا، بەمانای سەنگی مەعریفە زیاد دەبێت. واتا لەخزمەت مەعریفەدا تەواو دەبێت.
کاتێک پرسیار لەگەوهەری بابەت و رووداو دیاریدەکان دەکرێت و دەبێتە سێنترال لەکاری میدیادا، ئەوا رووناکی زیاتر دەکەوێتە سەر وەڵام و زانیارییەکان، هەروەها وەڵامێکی روونترو پڕپایەخترمان لەنێو ژانەرەکانی میدیادا (هەواڵ، بەدواداچوون، راپۆرت، وتار،..هتد) دەست دەکەوێت.
بۆیە لەمیدیادا هۆشیاری و زانینی فەلسەفیانە بۆ ئەو پرس و دیاریدەو روداوانە ئامادەییان هەبێت و لەوێوە مانای فەلسەفی و حەقیقەتیان هەڵگرتبێ. دەتوانێت ئەو شەش پرسیارە لەگەیشتن و

دارشتنی هەواڵێکی رۆژنامەوانیدا، بکاتە پێوەرێک بۆ  پرس و دیاریدەکان. بەشێوەیەک هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خەرمانی ئەو زانینە دەدات، کەکاریگەری بەسەر ئاگایی و تێگەیشتنمان بۆ ئەخلاق و ئەرکە خودییەکاندا هەبێت.

پێکهاتنی فەلسەفە لەسەربنەمای سیستمی بیرکردنەوە هاتۆتەدی بۆیە دەبینین فەلسەفە بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە،بەگوێرەی مێژووی فەلسەفەی رۆژ ئاوا. وە هەر یەک لەوقۆناغانەدا جیاوازی لەویستی فەلسەفیدا بەدی دەکرێ. بەنمونە فەلسەفاندنی فەیلەسوفانی سەردەمی کلاسیک (یۆنان و گریک).جیاوازە لە فەلسەفاندنی فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. هەروەها سەدەکانی ناوەراست جیاوازە لەفەلسەفاندنی فەیلەسوفانی سەردەمی مۆدێرن و نوێ. لەهەر دۆخێکدابێت هۆی ئەم جیاوازیانە زیاتر بۆ جیاوازی لەتێڕوانینیان بۆبابەتەکان و جیاوازی کارکردنیان دەگەڕێتەوە.

بۆیە لەماناکانی فەلسەفەدا، میدیا وەک هەر بوارێکی تری کۆمۆنیکەیشن و پەیوەندی بەژیانەوە، لەتوانایدایەو پێویستە رۆڵ و ئەرکی ئاکاری و لۆژیکی جێ بەجێ بکات.
ئەگەرچی ناکرێت میدیا بکەین بەمیدیایەکی فەلسەفی، یاخود فەلسەفە رۆڵی میدیا ببینێت، بەڵام دەتواندرێت لەزۆر رووەوە، رێژەی زانین و سەنگی زانین و هۆشیاری، بکەین بەپێودانگی میدیا و سودی لێ ببینین. واتا بۆ بەدواداگەڕان و لێکۆلینەوەو دەست کەوتنی زانیاری و راستییەکان، دەکرێت زۆرێک لە پێودانگەکانی فەلسەفە بۆ میدیا بەکاربهێنین.
بۆیە لەرێگەی تێ گەیشتن لەفەلسەفە، میدیا دەتوانێت، تەکانێک بەئاستی خۆی بدات و زیاتر باڵا بکات. پرسیارە فکرییەکان وەک بابەتی خۆی سەیربکات و بەئەرک و کاری خۆی بزانێت. بەلێ میدیای سەرکەوتوو، ئەو میدیایەیە کەوا کاریگەری دروست و باش بخاتە سەربیرو هزری هۆشیاری تاک و کۆمەڵ.

## پەیوەندی تیۆرەکانی راگەیاندن بەفەلسەفەی راگەیاندن

تیۆرەکانی راگەیاندن، بەمانای کورتەی ئەنجامی توێژەرانە و لێکۆلینەوەکانی پەیوەندی مرۆڤایەتی و جەماوەریە، بەئامانجی دەستکەوتنی روونکردنەوەی دیاریدەی پەیوەندی و ریکلام و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردن و پێشبینی جێبەجێکردنیان و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە.

تیۆرەکانی راگەیاندن:- کۆمەڵێک چارەسەرییە بۆ کێشەکانی راگەیاندن. نیەتە دوورمەوداکانی راگەیاندن بەواتای ئامانجەکانی راگەیاندن دەگرێتەوە. وە دیسان زۆرجار ناودەبرێت بە فەلسەفەی راگەیاندن.

فەلسەفەی راگەیاندن، بەدواداگەڕانی پەیوەندیەکی (جەدەلی-ژێربێژی-دیالەکتیکی) لێکۆلینەوەیی نێوان راگەیاندن و جێ بەجێکردنیەتی لەسەر کۆمەڵ. یاخود هەر شیکردنەوەیەکی کارلێکی نێوان بنەماکانی راگەیاندن وەک زانست و نێوان مومارەسەی کرداریە لەواقعی کۆمەڵایەتی. تیۆریستەکان رایان وایە، تیۆرەکانی راگەیاندن بەشێکە لەفەلسەفەی راگەیاندن، چونکە فەلسەفەی راگەیاندن لە تیۆرەکانی راگەیاندن، گشتگیرترو فراوانترە.

ئەگەرچی بەزۆری وا باوە، تیۆرەکانی راگەیاندن، فەلسەفەی راگەیاندنە یاخود رێبازەکانی راگەیاندنە، بەڵام لەراستیدا بەکارهێنانی گوزارشتی تیۆرەکانی راگەیاندن، بەشێوەیەکی گشتی رەنگدانەوەی بۆ قسەکردنە لەسەر ئایدەلۆجیاو باوەڕییە کۆمەڵایەتیە ئابورییە یان بۆ قسەکردنە لە بنج و بنەما و رەگ و ریشە زانستییە میدیاییەکان (نێرەر، وەرگر، کەناڵی راگەیاندن....هتد).

وە تیۆرەکانی راگەیاندن پەیوەستە بەسیاسەتەکانی راگەیاندن لەکۆمەڵ. لەروانگەی کۆنترۆڵکردنی کەناڵەکە لەلایەنی سیاسی، وە دەرفەت و سانسۆرو و چاودێری کردنیان، هەروەها لەسەر ناوەرۆکە میدیایەکان، کە ئایا تاچەند لەلایەن حکومەتەکانەوە کۆنترۆڵ کراون یان ئازادی رەهایان هەیە، یاخود لەرێگەی یاساکانەوە سنوردار یان رێ و شوێنیان بۆ داندراوە.

لە گرنگترین تیۆرەکانی ئازادی میدیا (تیۆری دەسەڵاتدارێتی، تیۆری ئازادی، تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، تیۆری سۆفیەتی یان ئیشتراکی، تیۆری گەشەکردن (نظرية التنموية في الاعلام)، تیۆری بەشداری دیموکرسی.